# هەرکەسێک سوێندێک کە لەسەریەتی بە درۆوە بیخوات بۆ زەوتکردنی سامانی مسوڵمانێک بە ناهەق؛ ئەوا بە خوای گەورە دەگات وئەو (زاتە) لێی تورەیە

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سوێندێک کە لەسەریەتی بە درۆوە بیخوات بۆ زەوتکردنی سامانی مسوڵمانێک بە ناهەق؛ ئەوا بە خوای گەورە دەگات وئەو (زاتە) لێی تورەیە»، وپاشان ئەم ئایەتە دابەزی: {إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَأَيۡمَٰنِهِمۡ ثَمَنٗا قَلِيلًا أُوْلَٰٓئِكَ لَا خَلَٰقَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيۡهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ} [آل عمران: 77] واتە: {بێگومان ئەوانەی پەیمانی خودا دەفرۆشن وسوێندەکەیان بە نرخێکی کەم دەفرۆشن؛ ئەوانە بێبەش دەبن لە ڕۆژی دواییدا وخودا قسەیان لەگەڵدا ناکات وتەماشایان ناکات ولە گوناهیان خۆش نابێت وپاکیان ناکاتەوە، وبۆ ئەوان هەیە سزای بە ئێش وئازار}.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە هەڕەشەیەکی توندی تێدایە سەبارەت بە ئەوانەی ماڵ وسامانی مسوڵمانان دەخۆن بە ناهەق بەهۆی سوێندی درۆ وبەرهەڵست بوونەوەیەکی ستەمکەرانە، ئەوەی حاڵی بەم شێوەیە بێت ئەوا بە خوای گەورە دەگات لە ڕۆژی قیامەتدا وئەو زاتە مەزنە لێی تورەیە، وئەوەی خودا لێی تورە بێت ئەوا تیاچووە ودۆڕاوە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە، وەکو دووپاتکردنەوەیەک لەسەر ئەم هەڕەشە تونده لە قورئانی پیرۆزەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2996